# توانەوەی تاکە کەس لە ئاگری زۆرینەی کۆمەڵگادا

## نموونەی خۆسووتاندنی ڤینۆس و ژەنگهەڵێنانی قالبە دروستکراوە پیرۆزکراوەکان

**ئیبراهیم مەلازادە**

خۆ سووتاندنی قوتابی ڤینۆس عبدالله و نمونەی تری هاوشێوە دەرگای پرسیارێکی گەورە دەخاتە سەر پشت بۆ ئەو حاڵەتە دەروونیە بارگاویەی کۆمەڵگای کوردی، کە بە پرۆسەی گواستنەوەیەکی پڕ لە مەترسیداردا تێپەڕ دەبێ لە هەموو ڕوەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و هتد. ئەو ڕووداوەو کۆمەڵێک ڕووداوی ئاوا کە ڕۆژانە سەرهەڵدەدەن ئەوە دەسەلمێنێ کە تاک لە کۆمەڵگای ئێمە بە قەیرانێکی دەروونی گەورەدا تێپەڕ دەبێ.

ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمە لە دوو حاڵەتی دژ بەیەکدا دەژی:

لە لایەک دوای ڕوخانی ئەو دیوارانەی کە کۆمەڵگای ئێمەی دابڕیبوو لە دونیای دەرەوە، لە هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کە تا دوێنێ بە خەونیش نەماندەبینی.

لە لایەکی ترەوە، دروست بوونی درزێکی گەورە لە نێوان وەچەی بەر لە ڕاپەڕین و وەچەی دوای ڕاپەڕین. بە تایبەتیش لە ڕووی جیاوازی دەرککردن و خوێندنەوەی هەر یەکێک لە و دوو وەچانە بۆ واقیع و هەموو ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆژانە خۆیان دەسەپێنن.

بە داخەوە وەچەی یەکەم تا ئەو چرکە ساتەش لە سەرسامی گەورەیی ئەو گۆڕانانەدا دەژیێ، کە نە بۆی تەفسیر دەکرێن و نە بڕواش دەکات کە زەمەن و بارودۆخ و هەموو شتێک گۆڕاوە. بۆیە بە هەموو تواناییکەوە دەیەوێ درێژە بە هەموو ئەو پیرۆزیانە بدات کە کۆمەڵگای ئێمە لە ژێر فشاری کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز وەبەری هێناون. هەڵبەت دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەعس و کارکردنی لەسەر سەرکووتکردن و دەمبەستن و تاواندنەوەی تاک لە ناو کۆمەڵگاو حیزبدا بەشی هەرە گەورەی ئەو گۆڕانکارکاریانەیە کە تا هەنوکەش تاکی بەر لە ڕاپەڕین تیایدا دەژییێت، دەشتوانین تا ئاستێک بەوە ناوزەدی بکەین کە حیزبی بەعس پێی دەگووتن وەچەی شۆڕش(جیل الثورە)، چونکە بەعس ئەگەر کاریگەری ڕاستەوخۆیشی لەسەر تاکی کورد نەبووبێت، بێگومان کاریگەری ناڕاستەوخۆی بووە. تا ئەو ساتەش حیزبە کوردیەکان بە ڕێژەی جیاواز لەسەر ئەو کولتورە دەژیێن کە بەعس بە میرات بەجێی هێشتووە. بۆیە بە ڕێژەی جیاوازیش کار لەسەر تاواندنەوەی تاک دەکەن لەناو حیزب و کۆمەڵگاو ئەو ڕێکخراوانەی کە خۆیان دروستی دەکەن بۆ ئەوەی لە ئاکامدا تاک بەرەو بواری ترو دونیای تر نەڕوات و لە دەستیان بچێت. هەر ئەو حیزبانەشن برەو بە پرۆسەی پیرۆزیەکانی کۆمەڵگا دەدەن بێ ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە ڕاڤەیەک بۆ ئەو کۆڕانکاریە گەورانە دروست بێ کە دوای ڕاپەڕین هاتوونەتە پێشەوە، بێ ئەوەی بڕواش بەوە بێنن کە دونیا گۆڕاوەو وەچەی دوای ڕاپەڕینیش چیتر قبووڵ ناکات بە پرینسیپەکانی کۆمەڵگای پێشوو بەڕێوە بڕوات.

دەرککردن و خوێندنەوەی وەچەی دوای ڕاپەڕینیش "بێ ئەوەی تاوانی هەبێ لە دەرەنجامی ڕووخانی دیوارەکان و بوونەوەی هەموو ئەو دەرگایانەی کە بەعس دایخستبوون" بۆ پرسە هەنووکەییەکان و تێڕوانینی بۆ کۆمەڵگای دوای ڕاپەڕین هەڵبەت جیاوازە لە دیدو تێڕوانینی وەچەی کۆن و حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش کە لە ڕیزی وەچەی کۆندا دەژیێن، ئەوان دێن و تەنها گۆڕانێک کە هێنابێتیان گۆڕانی ڕۆڵی کەسەکانە، بێئەوەی گۆڕانی ژێرزەمینی و فیکری و ڕۆشنبیری لەگەڵ خۆیاندا بێنن، بێئەوەی چارەسەری کێشە کۆمەڵاتیەکان لەگەڵ خۆیاندا بێنن، کە بەعس لە ناخی هەموو تاکێکی کورددا دروستی کردبوون.

لە دەرەنجامی ئەو درزە گەورانە تاکی دوای ڕاپەڕین لە نێوان دوو حاڵەتی دژبەیەکی گەورەدا دەژییێت و ناتوانێ تەفسیر بۆ بەجێمانی کۆمەڵگا بکات لە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە دونیا بە شێوەیەکی گشتی پێیدا تێپەڕ دەبێ، ناتوانێ خۆی لە چوارچێوەی ئەو پیرۆزیانە بچووک بکاتەوە کە کۆمەڵگاو حیزبو دەزگا دینیەکان دروستیان کردوون و بەردەوامیشن لەسەر پاراستنیان. ناتوانێ جیاوازی نەکات لە نێوان ئەو مامۆستایەی کە زەمەنێک بە بێ بەرامبەر دەرسی بە خوێندکار گوتووەو هەوڵ و کۆششی زۆری داوە کە کوڕی فلان و نەوەی فلان فێری خوێندەواری بکات لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی کە لە زەمەنی ئەوڕۆدا بە شێوەیەکی ئۆرگانیزە بەڕێوەیە. دوێنێ کۆمەڵگا ئەو مامۆستایەی بە پیرۆز دەزانی و لە جێی باوکی دادەنا لەبەر کەمی مامۆستاو دەگمەنی خەڵکی خوێندەوارو کەمی ئەو خەڵکەش کە بڕوایان بە خوێندن هەبوو. ئەمڕۆ مامۆستا فەرمانبەرە، لەجیاتی هەر سەعاتێک دەرس گووتنەوە کرێ وەردەگرێ، چیتر پێغەمبەر نیە، دەبێ بڕوا بەو ڕاستیە بێنن. بۆیە پەیوەندیەکی ئۆرگانی ڕۆحی وەکو پێشان لە نێوان قوتابی و مامۆستادا نیە. هەر ئەو حاڵەتەشە وای کردووە، بەکار هێنانی دار یان شەق بەرامبەر قوتابی هەڵبگیرێ و قەدەغە بکرێ، یا مامۆستا حەقی هەبێ بە ئارەزووی خۆی گەمە بە هەست و نەستەکانی خوێندکار بکات، بە تایبەتیش کە مامۆستا لە سات و کاتی ئەمڕۆدا تاکە سەرچاوە نیە بۆ زانیاری و زانین، قوتابی ئەمڕۆ ئەو تاکە چاوبەستراوە نیە لەگەڵ دەمی مامۆستا شاگەشکە بێت و قسەکانی ئەوی گوێلێنەبووبێ، بە تایبەتیش ئەو مامۆستایانەی لە ژیانیان ڕۆژنامەیەک ناخوێننەوە، کار لەسەر ڕۆشنبیرکردنی خۆیان و فێربوونی زیاتر ناکەن. لە دونیای پێشکەوتوودا ساڵانە مامۆستا مافی ئەوەی هەیە دروست یا (تأهیل) بکرێتەوە، بێجگە لە ڕێکخستنی کۆرسی تایبەت بۆ مامۆستاکان، بە تایبەتیش لە ڕووی شێوەی ڕەفتارو هەڵس و کەوت لەگەڵ خوێندکار. مامۆستا دەبێ بزانێ ڕەفتار لەگەڵ تەختەو داروبەرددا ناکات، ئەو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەروون و گەشەی ئەو خوێندکارانەدا هەیە، قسەکانی، ڕەفتارەکانیشی بۆیان هەیە کاریگەیان بە درێژایی ژیانی خوێندکار بمێنێ و ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن لە سەرکەوتن و ژێرکەوتنی ئەو تاکەدا.

بۆیە لێکترازانێکی گەورە هەیە لە نێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا، کۆمەڵێک هۆکاری گەورە هەن کە کاریگەرییەکی خورتیان هەیە لەسەر هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕۆژانە دێنە پێشەوە، لێرەدا ڕۆڵی زانکۆو کۆمەڵگا مەدەنیەکان زۆر قورس و گەورە دەبێ، ڕۆڵی دەسەڵاتداران لەوان قورسترو گەورەتر دەبێ بۆ بواردان بەو دەزگایانە بۆ لێوڵینەوەو

ڕاڤەکردنی دیاردەکان. خۆسووتاندنی ڤینۆس نمونەی مانەوەی تاکە لەناو هەموو ئەو قالبانەی کە ژەنگیان هەڵێناوەو کەسیش ئامادە نیە پاکیان بکاتەوە. کاریگەری تازەگەری لە سنووریێکدا ناوەستێ و خۆگێلکردن لە پرسەکان بۆی هەیە کارەساتی گەورەتر بخولقێنێ.
هەروەها کاتێک کە تاکێک دەبێتە قوربانی کۆمەڵێک نەزم و داب و نەریتی بەسەر چوو ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری بە توندی دەخاتە بەرامبەر پرسێکی گەورە بۆ ئەوەی لەسەر ئازادی تاک و وەدیهێنانی خۆشبەختی بۆ تاک قسە بکات، ئەو جۆرە ڕووداوانە بخاتە سەردێڕی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان و کەشو هەوای گۆڕان دروستبکات. هەروەکو دەشبێتە هۆکاری پاڵەپەستۆ لەسەر دەسەڵاتداران بۆ خێرا بەرەو پیرەوە چوونی چاکسازیەکان.

* ئەم بابەتە لە دوا ژمارەی 178 میدیا بڵاوبۆتەوە.

Malazada86@hotmail.com